سەرکانی ئوکراینا و تورکیا لە ئەنقەرە کەبوونەوە

سەرۆک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ سەرۆکی ئۆکراینا، ڤلادیمیر زێلێنسکی کەبووەوە.

لەمیانی پێشوازی لە سەرۆکی ئۆکراینا لە کۆشکی سەرۆکایەتی تورکیا، ئەردۆغان و زێلێنسکی لەبەردەم ئاڵاکانی تورکیا و ئۆکراینا وێنەیان گرت.

لە پێشوازیەکەدا کە بە داخراوی بەڕووی میدیاکاندا بەڕێوەچوو، هەریەک لە وەزیری دەرەوە، هاکان فیدان و وەزیری بەرگری، یاشار گولەر و سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی تورکیا، فەخرەددین ئاڵتوون و گەورە هاوڕێکاری ئەردۆغات بە کاروباری سیاسەتی دەرەکی و ئەمنیی، ئاکیف چاغتای کێچ ئامادەبوون.

تا ئێستاش ئامانجی ئەم سەردانەی سەرۆکی ئۆکرانیا بە تورکیا نەزانراوە، لەکاتێکدا وەاتەکی بە جەنگێکی سەخت لەگەڵ ڕووسیادا تەدەپڕێت و هەردوو سەرۆکی ئۆکراینا و تورکیا ڕێتیان کردەوە لەدوان لەبارەی ئەو کەبوونەوەیە بدەن